www.kurdistannet.org
5-10-2006 0:11بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# خۆمان ون کردووە ... بەختیار شاخی

گەنجی ئەم وڵاتە بۆ وای لێهاتووە؟ بۆ بە هیچ قایل نییە؟ بۆ دیسان کۆچ بەرەو هەندەران سەری هەڵداوەتەوە؟ ئەمانە و دەیان پرسیاری دیکە لە زۆربەی کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا دەبیسترێن. دەڵێن کابرایەك لە ژێر زەمینیماڵەکەیدا ئەڵقەیەکی زێڕی لێ ون بوو، کەچی هاتبوو لە حەوشە لێی دەگەڕا، دەیگوت: ژووری تاریکە! ئێمەش زۆر شتمان ون کردووە و نازانین لەکوێ بۆیان بگەڕێین، تەنانەت خۆشمان ون کردووە، ئەوە ڕەشبینی نییە، دیسانیش سیخورمەیەکە بۆ وەئاگا هاتنەوە. ئەو پرسیارانەی سەرەوە لە دانیشتنی ماڵەکانیشدا بەردەوامە، کەچی نە زانکۆ و نە ئەو هەموو ڕێکخراو و داودەزگە ڕۆشنبیرییە هەوڵی دۆزینەوەی وەڵامەکان نادەن، تەنانەت وەڵامی ئەوەش نادرێتەوە کە ئایا ئەو پرسیارانە ڕاستن؟ ئایا گەنجی ئێمە بە هیچ قایل نییە؟ ئایا گەنجی ئێمە سەرەڕۆیە؟ ئەوانەی گەنجێتیی خۆیان لە زەمەنی حوکمی سەددامدا بە ڕاکەڕاکە و سەربازیی، یان پێشمەرگایەتی بەسەربرد، دەڵێن خۆزگە گەنجی ئێستا ئەو سەردەمەی بینیبا ئینجا قەدری عافیەتی دەزانی، نەوەی دوای ڕاپەڕینیش دەڵێن، هیچ منەتێك لەسەر ئێمە مەکەن، ئەوە ئەرکی سەرشانتان بوو کە تا ئێرەتان هێناوە، ئێستا سەردەمێکی جیاوازە و داواکارییەکانیش گۆڕاون.

قسە لەسەر ئەوە نییە کام قسەیە لەسەر هەقە، قسە لەسەر ئەوەیە بۆ هیچ کامیان بە هەند وەرناگیرێن و نابنە بابەتی لێکۆڵینەوە؟ کێشەکە لەوەدایە کەس نییە نوێنەرایەتیی ئەو دوو لایەنە بکات، یان هەیە و حەوسەلەی نییە سەری خۆی پێوە بێشێنێ. کەسانێك دەبینی لە نەوەی دووەمن و پێیان وایە ئەوەی بەناوی ئەوانەوە قسە دەکات نوێنەری ئەوان نییە و "لە ڕێ دەرچوونە" و بەو ڕێزنەگرتنەیان لە پیرۆزییەکان خواستە ڕەواکانی ئەوانیان بەرەو لاڕێ بردووە. بەڵام بۆچی "ژمارەیەکی کەم" بتوانن ئاراستەی داخوازیی "زۆرینە" بگۆڕن؟

کێشەکە هەر ئەوەیە کە هەموومان پێمانوایە ژووری تاریکە و دەبێ لە دەرێ بەدوای ون بووەکاندا بگەڕێین، ئێمە گیرۆدە کراوین، لە ناوخۆدا ئەو کێشە گەورەیەمان هەیە و خۆمانی لێ نادەین، "نەوەکا گەورەتر بێت"، ئەوەندە کێشەی دەرەکی بەرەڕوومان دەکرێتەوە کە بیانوومان بدەنێ کێشە ناوخۆییەکە پشتگوێ بخەین یان هەر بە کێشەی نەزانین. ئەوە هەڵەیە پێمانوابێت کێشەیەکی لەوجۆرەمان نییە، ئەگەر ئەوە ئاسایی بووایە کە گەنج بەرلە ڕووخانی حوکمی سەددام کوردستانی بەجێ دەهێشت، دەبێ بپرسین ئێستا بۆ کۆچ سەری هەڵ داوەتەوە؟ بۆ گفتوگۆی لەگەڵ نەکرێت؟ بۆ ڕێگە بدرێت "بەرەو لاڕێ ببرێن و پەلاماری هەموو پیرۆزییەك بدەن"؟ ئەوانەی "لە ئازادی تێناگەن"، ئەوانەی "بەهیچ قایل نین"، ئەوانەی "تەنها بیر لە خاریج دەکەنەوە"، ئەوانەی "ناخۆشییان نەدیوە تا قەدری خۆشی بزانن"، هەموو ئەوانە پێویستیان بە کەسێکە گوێیان لێ بگرێت، خۆ ناکرێ "هەموویان دەربکرێن"، کەواتە دەبێ گفتوگۆ هەبێت و ئەوەی لەڕێ لای داوە بگەڕێندرێتەوە سەر شاڕێ و بەو نەفەسە گفتوگۆ بکەین کە"مەرج نییە هەموو ئەوەی من دەیڵێم راست بێت و هەموو ئەوەی من دەمەوێت هەق بێت". ڕەنگە بەوجۆرە خۆمان بدۆزینەوە.